ئەگەر ڕەمەزان هات؛ دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە ودەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن، وشەیتانەکان کۆت وزنجیر دەکرێن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر ڕەمەزان هات؛ دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە ودەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن، وشەیتانەکان کۆت وزنجیر دەکرێن».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵیداوە بە هاتنی مانگی ڕەمەزان سێ شت ڕوودەدات: یەکەم: دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە وهیچ دەرگایەکی داناخرێت. دووەم: دەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن وهیچ دەرگایەکی ناکرێتەوە. سێیەم: شەیتانەکان وجنۆکەکان کۆت وبەند دەکرێن، وناتوانن بگەن بەوەی پێش ڕەمەزان پێی دەگەشتن و ئەنجامیان دەدا. هەموو ئەمانە ڕێز وگەورەییە بۆ مانگی ڕەمەزان، و هاندانی چاکەکارانە بۆئەوەی زۆر پەرستن ئەنجام بدەن لە نوێژ وخێر وبەخشین وزیکر وخوێندنی قورئان، وە دوورکەوتنەوە لە تاوان وسەرپێچییەکان.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10107